# دروشمی سۆسیالیستی و روانگەی ناسیۆنالیستی

ولامێك بە كاك یەدیٚ بیگلەری (تضاد حرف و عمل)

چەند رۆژ لەمەوبەر بەرێز كاك یەدیٚ بیگلەری، وتووێژێكی هاوریٚ ئیبراهیم عەلیزادەی لە گەلٚ رۆژنامەی هاوولاٚتی لە روانگەی خۆیەوە داوەتە بەر رەخنە. ئەو كارەی كاك یەدیٚ بە هۆی ئەوەی كە لە نوسراوەكەیدا جیهەتگیری و روانگەی خۆی بۆ بە سەركەوتن گەیاندنی جولانەوەی شۆرشگێرانەی خەلٚكی كورد و نەمانی ستەمی نەتەوایەتی بۆ خوێنەر روون دەكاتەوە، بە سوودە و جێگەی رێزە. دیارەی روانگەی كاك یەدیٚ لە گەلٚ ستراتیێژی كۆمەلٚە نەك هەر تەنیا یەك ناگرنەوە بەلٚكوو بە دوو ئاراستەی جیاوازدان.

ئەوەی كە لە وتوویژەكەی هاوریٚ ئیبراهیم دا باس كراوە شتێكی نویٚ نییە. روانگەی كۆمەلٚە بۆ سەركەوتنی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی كوردستان لە سەرەتاوە هەر ئەوە بووە كە لەم وتوویژەشدا بە كورتی باس كراوە. ئەو روانگەیە بە تایبەت لە بریارنامەكانی كۆنگرەی 6ی كۆمەلٚە لە بەهاری 1367دا جارێكی تر بە روونی فۆرمولە كراوە و وەكوو ستراتێژی كۆمەلٚە لە بزوتنەوەی كوردستاندا راگەیێندراوە. ئەو ستراتێژە لە سەر بنەمای هاوخەباتی و پشتیوانی كرێكاران و خەلٚكی زەحمەتكێشی ئێران داریٚژراوە و هەمان كاتدا سەهل ترین و كەم ئازارترین رێگەی بە سەركەوتن گەیاندنی بزوتنەوەی خەلٚكی كوردستان و نەمانی ستەمی نەتەوایەتییە. خەلٚكی زەحمەتكێشی كوردستان بۆ ئەوەی لە ژێر باری ستەمی نەتەوایەتی و زەبر و زەنگی ستەمكارانەی كۆماری ئیسلامی رزگاریان بێت، رێگەییێكی ئاسانتری دیكەی جگە لە هاوخەباتی و هاوپەیمانی لە گەلٚ كرێكار و زەحمەتكێشی بەشەكانی دیكەی ئێرانیان نییە.

بەرێز كاك یەدیٚ لە دەسپێكی نوسراوەكەیدا دەلێت: "ئەم قسانەی كاك سەید ئیبراهیم رۆشن نین و دەكرێت بەرداشتی جۆراوجۆری لیٚ بكریٚ. ئەگەر مەنزووری بەرێز كاك سەید ئیبراهیم لە خەباتی كوردستانی ئێران، شۆرشێك بۆ روخاندنی رژیمی كۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حكومەتێكی كرێكاری بیٚ شتێكە و ئەگەر مەنزوریان خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللی بیٚ شتێكی ترە".

قسەكانی هاوریٚ ئیبراهیم زۆر روونە و لە راستیدا كێشەكە ئەوەیە كە كاك یەدیٚ لە گەلٚ ئەو ستراتێژەی كۆمەلٚە موافق نییە، بەلاٚم بۆچوونەكەی خۆی بە پارێزەوە دەر دەبریٚ. ئەمرۆكە بە بەرینایی ئێران خەباتێك لە دژی كۆماری ئیسلامی لە ئارادایە كە زۆربەی چین و توێژە كۆمەلاٚیەتییەكان و لەوانە چینی كرێكار و روناكبیرە سۆسیالیستەكان تێیدا بەشدارن. ژنانی چەوساوە و سەركوت كراو داوای مافی خۆیان و نەمانی یاسای دژی ئینسانی كۆماری ئیسلامی لە دژی ژنان دەكەن. خوێندكاری شۆرشگێر هاتوتە مەیدان و داوای ئازادی و یەكسانی دەكات. لاوانێك كە هەموو هیوا و ئاواتەكانیان ژێر پیٚ خراوە داواكاری ژیانێكی سەربەست و ئینسانی دەكەن كرێكاری چەوساوە داوای حەقدەستی زیاتر ژیانی باشتر و نەمانی چەوسانەوە دەكات. خەلٚكی كوردیش داواكاری مافی نەتەوایەتی خۆی دەكات. بە گشتی هەموویان داواكاری ژیانێكی

**شیاوی ئینسانن. کاك یەدیٚ ئەو زەرفییەتە گەورە کۆمەڵایەتییە کە لە ئێراندا بۆ وەدی هێنانی ئەو ئامانجانە هەیە، ئەو هەموو جم و جۆڵەی کە ئێستا لە ئارادایە، نابینیٚ و بە تەمایە خەڵکی کوردستان لە هاوچارەنوسەکانی خۆی بکات و بە تەمای ئەو رۆژە نادیارە ڕایان گرێت کە لە دورەوە هێزێکی کوردستانی گەورەیان بۆ پێك بهێنیٚ و لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی بە ماف نەتەوایەتی شادیان بکات. ئەگەر کاك یەدیٚ برێك لە دونیای بەرتەسك و تەنگەبەری خۆی بێتە دەریٚ بۆی دەر دەکەوێت نە تەنیا ماف نەتەوایەتی بەڵکوو ریفۆرمێکی واقعی بەرچاویش لەو رژیمە چاوەروان ناکرێت. ئەگەر ئەو راستییە بسەلمێنین کە بە بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران چاوەروانی ئەوە ناکرێت ستەم لە سەر خەڵکی کورد لە ئێران نەمێنیٚ، کە وابیٚ سەر راست ترین رێگەی رزگاری گەلی کوردیش هەر پەیوەست بوون بە خەباتێکەوە دەبیٚ کە ئامانجی خۆی رزگاری لە دەست رژیمی کۆماری ئیسلامی دانابێت. دیارە ئەوەش ناکریٚ بە بیٚ ئەوەی کە لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوە و ستەم لێکراوی ئێران هاوسەنگەر و هاوپەیمان بیت. بەلام ئەوە هەموو قسەیەك نیە کە کۆمەلە لەم بابەتەوە کردویەتی. هەر لە بەرنامەی کۆمەلە بۆ خودموختاری کوردوستانەوە تا بەیان نامەی مافە سەرەتاییە کانی خەلکی کوردوستان و تا بەرنامەی کۆمەلە بۆ حاکمیەتی خەلك لە کوردوستان هەمووی نیشان دەدات کە کۆمەلە بەردەوام بە دەربەستی ئەو حالەتانەشەوە بۆە کە بە زەبری خەباتی جەماوەر رژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردوستان وادار بە پاشەکشە بیٚ. بەلام ئەو حالەتانە ناتوانن درێژ ماوە و جیٚ کەوتو بن ئەگەر رژیمی ئیسلامی لە تاران هەر وا لە سەر کار بیٚ. بۆ سەقامگیر کردنی وەها هەلەمەرجێکیش بیٚ ، بۆە ئەوە بە قازانجی خەباتی خەلکی کوردە کە ریزی خۆی لە ریزی هاوپیمانانی سەراسەری خۆی جودا نەکاتەوە. بەراستی هەلویستی کاك یدیٚ بەرانبەر بە بەرنامەی کۆمەلە بۆ حاکمیەتی جەماوەر لە کوردوستان چیە؟ ئەو بەرنامەیە بەشێك لەو ستراتێژەیە کە کاك یدیٚ رەتی دەکاتەوە.**

**کاك یەدیٚ لە بەشێکی دیکە لە نوسراوەکەیدا باس لە یارمەتی خەڵکی کوردستانی عێراق بە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و بە گشتی خەڵکی کوردستانی ئێران دەکات. کاك یەدیٚ راست دەکات بەڵام تەنیا کاك یەدیٚ نییە هەستی بەوە کردبێت بەڵکوو هەموو کەس دەزانیٚ کە بە درێژایی مێژوو خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکان هەستی هاوخەباتی و هاوچارەنووسییان بۆ یەکتر بووە و لە رۆژی تەنگانەدا بە هانای یەکترەوە هاتوون و کۆمەڵەیش هەموو کات بە پیر ئەو هەستەوە چووە و لەو بووارەشدا لە کەسی کەمتر نەکردووە و هەموو کات شەریکی خۆشی و تالییەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق بووە. بەڵام هیچ کات نە ئێمە و نە هیچ حیزبێکی دیکە نەچووەتە ئەو قۆناغەوە کە پێکەوە کێشەی کورد لە وڵاتێك چارەسەر بکەن و هێزی بۆ رێك بخەن و لەشکری بۆ ساز بکەن و هۆی ئەوەیش ئەو راستیەیە کە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و کاك یەدیٚ نایبینیٚ.**

**هەبوونی هەستی هاوخەباتی، هەبوونی ژان و ئازاری هاوبەش، هاوکاری کردن و هاوئاهەنگی کردنی ئەم هێز و ئەوهێز لەم دیو و ئەودیوی سنوور، ئەمانە مەسئەلەیێکە و دیاری کردنی**

**ستراتیژی سەرکەوتووانە بۆ بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان لە هەر کام لە پارچەکانی و لەوانە لە کوردستانی ئێران، مەسئەلەییێکی دیکەیە. ئەگەر مەبەستی کاک یەدیٚ لە نوسراوەکەیدا دەربرینی ئەمەگناسی لایەنەکان لەم دیو و ئەودیو بۆ ئەو ئاسان کارییانە بووایە کە بۆ یەکتر کردوویانە و دەیکەن، قسەیەکی لە جێگای خۆی بوو. بەڵام ئەگەر مەبەست گۆرینی جیهەتگیری ستراتژیکی کۆمەڵەیە، حەق وا بوو کاک یەدیٚ بە سەراحەتێکی زۆرترەوە بۆچوونەکەی خۆی دەربریبایە.**

**دیارە کاک یەدیٚ کە بە تەمایە هێزێکی هاوبەشی کوردستانی ساز بکات و ستەمی نەتەوایەتی پیٚ لە ناو بەرێت، رێگەییێکی سەخت و دژواری لەبەرە. ستراتێژی سۆسیالیستی کۆمەڵە یانی هاوخەباتی لە گەڵ کرێکاران و خەڵکی شۆرشگێری ئێران بۆ وەدەس هێنانی ماف دیاری کردنی چارەنووس، گەلێك لە روانگە و ستراتێژی ناسیۆنالیستی و بیٚ ئاکامی کاک یەدیٚ ئاسانتر و مۆمکین ترە.**

**کاک یەدیٚ لە بەشێکی دیکە لە نوسراوەکەیدا دەنوسیٚ، ئەو کرێکار، کرێکار کردنەی کاک سەید ئیبراهیم بۆ ئەوەیە خەڵك بە کۆمۆنیستمان بزانن. کاک یەدیٚ خۆشەویست بە نارەوا لەو وشەی توورە دەبێت، پێویست ناکات بروانامە لە کەس وەر گرین، ئەگەر کرێکار کرێکاریش نەکەین خەڵك هەر بە کۆمۆنیستمان دەزانن و بە پێچەوانەوە ئەگەر خەڵکی دیکە رۆژیٚ چەند جار سوێند بە سۆسیالیزم دەخۆن و هەر بە ناسیۆنالیست ناو دەبرێن، لە بەر ئەوەیە کە ئاسۆکەیان ئەوەیە.**

**ماوەتەوە بلێم دژایەتی کاک یەدیٚ لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە وتەی خۆی لاوازی ئەو حیزبە نییە، بەڵکوو نامۆ بوون لە گەڵ ئاسۆکەیەتی و هەر بۆیە بە گەشە کردنیشی خۆشحال نابێت.**

**رەحیم عەزیزپوور**
13.05.2008